

# شەوێکی تریش به تەنیا

حسێن ئەحمەد

ڕاهاتووم: شوینێک
لە سەرما جەهانمە. هۆشیارییم
پڕبۆتەوە بە وێنەی ئاسمان
و تەقینەوەی درێژ، بست بەبستم لەناموراديدا
ژانئەکات.

نەخۆشم ،چارەی خۆمم پێناکرێ و کە ئەگەم بە پەلەوەرێکی
باڵشکاو، ئیتر لە بێدەستیدا لەتردەدەم. چەند ڕۆژێکە نانخواردنم هێواش
کردۆتەوە، ڕەنگم لە ئاوێنەکاندا تێکچووەو بە خۆم ئەڵێم
فەوتایت!

لە ژیاندا من هەر ئەمە فێربووم، هەڵبەت ئەگەر خراپم
نەنووسیبێت.

بەهانەیەکم نییە ژیان ناچار بکەم ڕامکێشێت، شەوەکانی ئەمساڵم درێژ بوون
و، ئیدی وا ڕاهاتووم کە ئەنووم شتێک لە ژوورەکەمدا دەق بکەم، دەرگای کانتورەکەم داخەم
و یەکێک لە پەنجەرەکانم بکەمەوە، هەمیشە ئەزانم کاتێک لە ئاسماندا نوقووم ئەبم، مەیلم ئەچێتە سەر
کوژانەوەی بەشێکی زۆر لە ئەستێرە دوورەکان و نەزرەکەم یەکێکیان خوا بیخات.

حەزم لە بەرکەوتنی خۆمە لەگەڵ تەواوی گەردووندا، داوامە برینداریم بکەن و تک بە تکی خوێنە
ڕژاوەکەم بەر سینگی خۆشەویستەکەم بکەوێت، سەر دەستی سوور بکات و دامێنی تەڕی بێت لە بۆنی
ساردبوونەوەی دڵم، ڕەنگە ئەمە هەندێک لە هاوڕێکانم بێزار بکات! بەهەر شێوەیەک مردن هەبێت من
ڕازیم، گرنگ ئەوەیە ژیان ڕامنەکێشێ و وێڵم کات چۆن مردن تاقیئەکەمەوە.

سەرم لە دونیا پڕ بووە، لۆژە لۆژ بەهەموو خیابانەکاندا ئەڕۆم و کەسێکم لە پشتەوە نییە، دەستێک
ئارامییم تێکنادا و ئومێدێک لە ناو سەرما ناڕوات، ڕائەکەم و هێندەی دوور کەوتنەوەی دوو مرۆڤ لە
کاتی بێدەنگیدا تەنیام.

بە خۆم ئەڵێم پیاوێکی بێنیشتیمان ڕا ئەکات! پیاوێک بە هەموو برین و زەخمە قووڵەکانی سەر دڵییەوە
ئەیەوێت بەم ئەستێرەدا بڕوات و نیشتیمان جێبێڵێت، باز ئەدەم، یەک، دوو، سێ، ڕەنگە بە هەنگاوێک بگەمە
ئەستێرەیەکیتر. ڕەنگە تەواوی مانگ و کەوکەبەکانی دیکەش بە شەقاوێک ببڕم، چاوم نوقاندووە، دونیا

لەژێر پێڵوەکانمدا تاریکەو بەختیاری لە زەینما بۆتە دەرد، ئومێدم بە هیچ نەماوە و سەرگەردان شتێک لە خۆم ئەبڕم، ڕەنگە دەمارێک بێت، یان بەشێک لە ڤێنی سەرم . کەسێک وتی :

سەر بەشی تیا نییە! بەم دەنگەدا لێم تێکئەچێ و دەرگای هەموو خۆم ون ئەکەم، ناکام بووم، لە کەسێک ئەڕۆمە پێشێ و بە هێما پێی ئەڵێم خۆشمەوێت. وەک یەکێک لەسەر سەهۆڵ یارییبکات و بسوڕێت، هێزێک وەری دەچەرخێنێ و لەبەردەم زمانما لاڵ دەبێت، لەوێدا تێدەگەم هیچم نییە بۆ کەس . ئەم هەفتانە حەزدەکەم خەڵکی ببینم، ژاوەژاوی ڕێگا و دەنگە دەنگی ئوتۆبوسەکانی سەر جادە، ئەمەوێت لە زۆر شت بڕۆمە پێشەوە و هەموو دڵم ئێشێت. ئەکۆکم، لەگەڵ هەردەنگێکدا شتێک لە زارمەوە فوارە ئەکاتە دەرێ، ڕەنگە خوێنبێت و ڕەنگە تۆ. خەیاڵ ئەسوڕێنم، دێور بە هەموو یەکەکانی سەرم ئەکەمەوە و پێویستم بە دەنگە دەنگ هەیە، مەیلم چۆتە سەربەهەشتێکی تۆپیو و خامۆشی هاوڕێ دوورەکانم لە قاچیان خستووم، وەک کوێرێک ئەمەوێت بینین بخەمە ئیش، ژیان لە بەیەکدا کێشانە گەورەکانیدا بدوێنم، ئەڤین بخەمە سەر سەرم و بەناو هەموو داهاتووەکانمدا ڕابکەم، وەلێ بیرم دەچێت و زۆر خراپ تووشبووم، واملێهاتووە بە ژوورەکەشم بێگانەم، دونیا لە هەناوما وەستاوە، سەرم خولێک ئەخوا و وەک منداڵ بە دەما ئەکەوم، دەستم بە شتێک زامارە، ڕەنگە شووشەی سەر شەقامەکەبێت، هەڵبەت دونیا پڕبووە لەمرۆڤی شووشە، بەس خەمی من ئەوەیە کێ ئەم شووشانە دەشکێنێت؟

لە بەرچاوما خەتێک لار بۆتەوە، من ئەڵێم ڕەنگە سبەینێ ئەم ئەستێرەیە بکوژم. جەهانم لەسەرما دەستی پێکردووە، بیرئەکەمەوە من لەبەهەشتم یان لەکوێ؟ سەرم لە چوارگۆشەیەکەوە رایەڵ ئەکەم و بە هەردوو دەست باران ئەهێنمە ژوورەوە، ڕەنگە بەفربێت و سەرم لێتێکدەچێت، ئەمڕۆ درێژ ئەڕوات، هەستمکرد پرچی تۆش وا بووبێت، لە تەلەفونێکدا پێم وتی:

تەمەنی من هێندەی پرچی تۆ درێژە، ئەمەم هەر لە بیرە و خەیاڵم ئەچێتە سەر دەستت، یەک بەیەکی پەنجەکانت لە مندا نینۆک بۆیە ئەکەن، دەستەکانت سپین و پێم وتی:

بەفریان بەسەردا باریوە، هەڵبەت هەرکاتێک بیر لە دەستی تۆ بکەمەوە بەفردەبارێت، ڕێکەوتێکی خۆشە، بارینی بەفر لەخودام نزیکئەکاتەوە و پشتئەکەمە شەیتان، هەڵبەت من پێشم ناکەمە هیچ، جەهانمەکانی خۆم نەبێت، ئەوبەشانە نەبێت کە غەمگینیم وەکو مانگ تێیاندا ئەدرەوشێتەوە.

درۆ ئەکەم، ئەگەر ژیان بەم جۆرە بڕوات شێت ئەبم.. ئەم ڕۆژانەی دوایی ڕەنگم زۆر تێکچووە و ناسینەوەم لە چاوی خەڵکیدا ئاسان نییە. دەستم بەشتێکەوە ئەنێم و ناوەوەم ئەلەرزێت، کات بە کات کاولتر ئەبم، وێنەی شارێکم لێنیشتووە خوداخستبێتی، دائەنیشم و سەرم پڕ ئەبێت لەکۆتر، هەموو باوەشم بۆنی چۆلەکەی سەربڕاوی لێدێت، قەفەسێک لە ڕۆحما جۆلانێ دەکات و زیندانێکم بەسەرمدا هەڵواسیوە، بەیانی ڕەنگە شتێک بگرم و ئیتر لەئەدگاری خۆمدا داینیشێنم، ئەمە بۆتە عادەتێکی خراپ.. بەرەو دژوار ترین کات سوڕاوم. ئەمڕۆم لەو ڕۆژانە ئەچێت کەمردن تێیاندا خۆشنییە، وەلێ مردن لەدڵما یاریدەکات. هێندە ماندووم ژیان لەسەر لێوم درزی تێکەوتووە، بۆنی نامورادیی کوشتوومی، شپرزەم وەک شپرزەیی باڵندەیەک خودا سیرەی لێگرتبێت.

خۆم لە کەس بۆ ئاشکرا ناکرێت و هەمیشە بەشێک لە ڕووخسارم بە کەس نیشاننادەم. بەردەوام تاریکییەک لە نێوان خۆم و دونیادا دروستئەکەم، تەنها بۆئەوەی بەم جۆرە دەرنەکەوم کە هەم، هەبوون بەم شێوەیەی من خەسارەتە، دوێنێ چووم بۆ وەرزش، لە سوڕی هەر ئەندامێکی جەستەمدا پێموابوو ئەویش لێمڕائەکات، دەجووڵام و هەموو بەشەکانی لەشم بەرەو پێشەوە بوو، موسیبەت لە دڵما کەوتووە و هەستەکەم هەموو

دونیا لەسەرمەوە فیچقە ئەکات. دونیا، یانی ڕاکردن لەیەکتر، یانی فڕین بەسەر نزمترین ئاستی پەیوەندیدا. ڕەنگە بیر لە هیچیتر نەکەمەوە، وەک با لەهەموو شوێنێکم و لە هەموو شوێنێکیش ڕائەکەم، ڕاکردن بۆتە ئەخلاق لای من، گەر سەرنج بدەم چی ڕاناکات؟ دەستەکانم بۆش ئەبن و لەبەتاڵیدا وێڵ ئەبم، چونکە ڕاکردن تەنها بۆ ئەوەیە نەوەستین، باوکم وتی: وەستان لەهەر شوێنێکدا بێت غەمگینە، من لە باوکمەوە ئەپەڕمەوە بۆ شتیتر، لە باوکمەوە خولقەتم بەتێکدانەوەی دونیاوە گرتووە و هەر ڕۆژە و هەفتەیەک لە ژیان ئەکەمە دەرێ، مانگێک تیرۆر دەکەم و وەک باڵندەیەکی هەڵنیشتوو بەسەر دارتێلەکانەوە دەیکوژم، هەرئێوارەم لێدێت بیر لە خراپ ئەکەمەوە؟ خراپ بە مانا ئینسانییەکەی ئەبێتە جۆرێک لە ئاژەڵ! ئایا ئاژەڵەکان خراپن؟ لە سەرما کەسێک دەنووسێت: مرۆڤ حەیوانێکی کۆمەڵایەتییە؟ دایکیشم لە بەر خۆیەوە بەمەڕە تۆپیوو بانگمدەکات. ئەم تێبینییەم بە کەس نەوتووە و لەسەرما وەک بەیەکدا کێشانی دوو ئەستێرە گران ئەتەقنەوە، تووشی جەنگێکی درێژ بووم، هەناوم پڕە لە ئاژاوە و دابەشبوونی قورس، (خراپە) لە ژێرەوە ئەقڵی هەڵتەکاندووم، لە خۆم ئەپرسم چی باشە؟ باشبوون ئەکاتە بێدەنگیی من لە گوناهەکانی تۆ، ئەوەی بێدەنگیی لە نائومێدییەکانی خۆی ناکات باش نییە.

ئەم ئێوارەیە خۆم کردۆتە ئەهلی دەشت، حەزم لەوەیە قسە لەگەڵ کەردا بکەم، بڕۆمە ناوڕۆحی هێسترەوە، بزانم من ماندووم یان ئەسپ؟ من ماندووم یان مانگا و بزن و مەڕە بەشیرەکان، خوێڕی خوێڕی بەسەرنوێلکەکاندا هاتووچۆبکەم، خواستی ئەوەم هەیە توحفەیەک لەو زبڵە بهێنمەوە بۆ تۆ. لەتەنەکەی خۆڵەکەماندا ئیماژێک ئەبینم باسی ژیان و هاوڕێیەتی دەکات، باسی ئەوەش کەبەهای حەیوان بە (خراپ)ەوە دروست بووە، ئەگەر خراپ نەبێت تەنەکەی خۆڵ و زبڵ و حاوییەکان ئیدی ناژین، سەرەڕای هەموو ئەوشتانەی کە دەیڵێم، مەیلی ئەوەم هەیە هیچ شتێک لە زەینی تۆدا وێنەیەکی خراپی بۆ بەرجەستە نەکردبیت. چونکە (تۆ و هاوڕێ و هاو نیشتیمانییەک) پێکەوە خراپ دروست دەکەن، ئەگین خراپ لەسەر زەوی ناژی. هەفتەیەکە، لەژوورەکەمدا بانگی خەڵکی ئەکەم، خەڵکی بەهەموو شێوازێکی قسە کردنەوە، تەنهایی یەعنی ئەم ئولفەتە بچووکانە و ئیتر تەواو، هەرکاتێک تەنهاتر خۆم پێناسە دەکەم، بەدەست خۆم نییە بیر لە هەموو دونیا دەکەمەوە، هەموو دونیا بە سەگ و پشیلەکانییەوە، بە فریشتە و شەیتانەکانییەوە، هەربۆیە لە تەنهاییدا سەخیف ترین ئەهریمەنیش ئەڤینی خۆی هەیە، کەسێک نووسیبووی منداڵەکان تەنهان و تەنهایی عاجزیان ناکات، من شتێکم لەسەر ئەم تۆرییە هەیە، منداڵەکان تەنیا نین، تەنهایی موڵکی ئەوانەیە شتێک لە سەریاندا بۆشایی قووڵ قووڵ دروست دەکات، تەنهایی موڵکی مرۆڤە گەمژەکان نییە، ئەوەی نازانێت تەنهابێت بەسەد پلە لەژێر هۆشیارییەوەیە، ژیان بەم جۆرەی ئێستا کە هەیە، بەشێکە لەوهێزە بێسنوورەی بە ناوی گەمژەیی هەندێکمانەوە قسە دەکات، بۆ ئەوەی ئاشتی و شتێکی کەم لە بەختەوەریی ڕاکێشێ، بیرلەوە بکەرەوە من لەکوێم؟ هەرکاتێک تاریکی بەسەر ڕووخسارتا ڕۆیشت، هاوار بکە من کوام؟ من لێرەنیم و دەرگام لە هەموو بەشە نادیار و دیارەکانی ئەم قانوونەی سرووشت داخستووە کە منی لە ناو تۆدا کوشت، دوور لە تۆ، من ئەوەم کە پێناسەی بۆ هیچ نییە تەنهاییەکانی خۆی نەبێت، لەکۆڵان و شوێنە چۆڵەکان بێزارم، تەنها بۆ ئەوەی تۆی تیانیت. لەهەر کوێبیت بەهەشت لەوێ دەژی، ئەم چرکەیە بیری کۆڵانەکەت دەکەم، بیری ئەوەش کە کەسێک بە بێزارییەوە بانگت ئەکات، داپیرەم پێم دەڵێت: بۆ کەسێک بمرە پای تۆ مەردەبێت .. من کتووپڕ ئەیوەستێنم و پێی دەڵێم: هەندێک مرۆڤ دۆستی ئەوکەسانەن کەمەیلێکیان نییە، منیش یەکێکی وام.. حەزم لەوەیە بمکوژیت، بەهەر جۆرێک مردن لەمندا خەبەر دەکەیتەوە رازیم، وەلێ

هەر کاتێک منت کوشت لەسەرخۆ بمکوژە، تابزانم ژیان چۆن لەساتێکەوە دەگۆڕێت بۆساتێکی دیکە، تابزانم قژت چۆن دەڕوخێ و سیمات دەگۆڕێت بۆ سیمای جەللاد و پیاو کوژەکان، ئەگەرچی هەستم بەوە نەکردووە تۆ بکوژبیت، وەلێ کوشتنی من بەتفەنگ و تەقەمەنییەکانی شەڕ بەهایەکی بۆ داهاتوو نییە، بمکوژە، تەنها بەوەی کە یادمئەکەیت و من نیم، هەرکاتێک تۆ نا بیت من لەسەرت شەڕ بە کۆڵانەکەمان دەفرۆشم، زۆرینەی مرۆڤ لە بۆشایی ناو ڕۆحیاندا یادی کەسێک دەکەن، ئەگەر مرۆڤ فەراغێکی نەبێت، ناتوانێت خۆشەویستییش بکات، من ئیدی فەراغێکم نییە، بۆیە تۆ بەوە بمکوژە فەراغم بەیتێ و یادتکەم، پێش ئێستا دایکم لە یەکێک لە ئیمێڵەکانیدا نوسیبووی: توخوا بە تەنیا لێم مەڕۆ.

تێر تێر بەسەر قسەکانیا گریام، زانیم فەراغێکی هەیە. تێگەیشتم هەناوی بەتاڵە و ترسی لەوە هەیە چۆڵتر بێت. من نەمویست وەڵامی بدەمەوە، چونکە زانیم لێدانی دڵی باش نییە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ترسام، هەندێک لەهاوڕێکانم بەدەنگی زبر دەترسن، یان بەوەی لە تاریکییدا شوێنیان کەویت، وەلێ من: لێم مەڕۆ! خراپ مەلولم دەکات. ئەگەر باشبووم، ئەگەر توانیم دەست بە غیرەتمەوە بگرم و ببمە پیاو، دێمەوە سەرقسەکانی خۆم و بە دەنگی بەرز... بەرزتر هاواردەکەم: پێشئەوەی ژیان بمانکوژێت، با تەنهابین، پێش ئەوەی تەنها بین، با زیندەگی نەمانکوژێت.

خوێنەری ئازیز : ئەم نووسینەی لەبەردەستی ئێوەدایە، زادەی بیر کردنەوەیەکی ڕەنجاوە، ئەگەر وا ڕیکەوت و غەمگینیی لە دڵی ئێوەدا بە جێهێشت، مەمبەخشن ، چونکە من خۆمم نەبەخشیوە.

